لەندەن \23نۆڤمبەری 2006:

# وەفدێکی بەرەی دژ دیپۆرتی پەنابەران لەگەڵ بەرپرسیارانی (UNHCR) کۆدەبێتەوە

رۆژی دووشەمە 20–11–2006 وەفدێکی بەرەی دژ دیپۆرتکردنەوەی پەنابەران بۆ عیراق(csdiraq ) کە پێك هاتبوو لە(دەشتی جەمال،سارە پارەکەر،سەوسەن سەلیم) چاویان کەوت بە بەریز(Jacqueline) نۆینەری (UNHCR) لە بەریتانیا و(Helen).

وەفدی بەرەی دژی دیپۆرتکردنەوەی پەنابەران بۆ عیراق بەدریژی باسی لە ئەوزاعی سیاسی عیراقو کوردستان کرد وە هەروەها ئاماژە درا بە سیاسەتی بەزۆر ناردنەوەی پەنابەران کەحکومەتی بەریتانیا بەرامبەر پەپەنابەرانی کورد دەستی بۆبردووە. ،پاشان وەفدی ناوبراو چووە سەر وەزعیتی ئەو پەنابەرانەی بەزۆر رەوانەی کوردستان کراونەتەوە چەند بەلگە نامە و نامەی ئەو پەنابەران کە بەدەستی فیدراسیون گەپشتبوو تەسلیم بە بەریزیان کرا ،هاوکات لەسەر کیشەو ئەو پەنابەرانەی کەلەسەر خواستی خۆیان گەراونەتەوە کوردستان وە لەسەر وەزعیتی ژنان لە کوردستان و ژنانی پەنابەر و ئەوخیزانانەی ناتوانن بگرینەوە کوردستان قسەو باس کرا .

نۆینەرانی (UNHCR) داوایان لە وەفدی نابراو کرد کەسیٚ راپۆرت ئامادە بکات لەسەر چەند کەیسی ئەو پەنابەرانەی کە لەکوردستانەوە لەچەند سالیٚ رابردوودا هاتوونەتەوە بەریتانیاو هۆکارە سیاسی ئاوەرە بوونیان ،راپۆرتێکی تر لەسەر ئەو پەنابەرانەی بەزۆر نیراونەتەوە کوردستان و هەروەها دوا راپۆرت لەسەر مەسەلەی ژنان لە کوردستانوبەتایبەتی کیشەی پەنابەریان لەبەریتانیا تا بتوانن بیخەنە بەردەم لایەنە پەیوەندی دارەکان و کۆمەك بەو کەیسانە بکەن.

لەکوتای دا نۆینەری(UNHCR ) بەلێنیان دا کۆبوونەوەیەك لە جینیف بۆ (دەشتی جەمال) دابنێن تا لەسەر کیشە وگرفتەکانی پەنابەرانی کورد لە وولاتە ئەوروپی یەکان و بەریتانیا لەگەل بەرپرسیارانی (UNHCR) کۆبێتەوە .

---

**PO.BOX1575, ILFORD, IG1 3BZ, LONDON UK.** [www.csdiraq.com](http://www.csdiraq.com) **Mobile: 07856032991**

d.jamal@ntlworld.com Burhan Fatahburhanfatah@aol.com Jasim Ghafurjasm_rg@yahoo.co.uk mobile: 07877489626 **or** 07866757213 Office: 0161 234 2784